السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان پیسی کردن، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێك لەنێو مزگەوتدا بووین لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-؛ پیاوێکی ئەعرابی هات، وەستا ولە نێو مزگەوتەکەدا میزی کرد، هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ووتیان: بوەستە بوەستە، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «مەیوەستێنن، وازی لێبێنن»، ئەوانیش وازیان لێهێنا هەتاوەکو میزی کرد، پاشان پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بانگی کرد وپێی فەرموو: «گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان پیسی کردن، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت»، یان بەو شێوەی پێغەمبەری خودا فەرمووی -صلی الله علیه وسلم-، دەڵێت: فەرمانی بە پیاوێك کرد لە خەڵکی؛ ئەویش سەتڵێك ئاوی هێنا وکردی بە سەر شوێنی میزەکەدا.

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە مزگەوتدا بوو لەگەڵ هاوەڵانی، پیاوێکی ئەعرابی هات لە دەشتەوە، وەستا ولە شوێنێکی نێو مزگەوتەکەدا میزی کرد. هاوەڵان هاواریان بەسەریدا کرد، ووتیان: واز بهێنە وبوەستە. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: وازی لێبێنن، ومیزەکەی پێ مەبڕن، ئەوانیش وازیان لێهێنا هەتاوەکو میزەکەی تەواو کرد. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بانگی کرد وپێی فەرموو: گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان هەر پیسیەکی تر، بەڵکو دروستکراون بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت -عز وجل-، ونوێژی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت وهتد. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی کرد بە پیاوێك لە هاوەڵان وئەویش سەتڵێکی پڕ لە ئاوی هێنا، وبە ئاسانی کردی بەسەر شوێنی میزەکەدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8948

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee